دوو هەفتە جارێك بە بابەتی تایبەت بە کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت سی فۆر کورد دەبێتە میوانتان

سی فۆر کورد
www.c4kurd.com

C4Kurd
A weekly Publication on Information Technology

No. (2)
First Year
Oct. 02 2007
Tuesday

(8) لاپەڕەیە نرخی (500) دینارە

ئـــاگـــاداری

وەکو بڕیارە هەفتەنامەی سی فۆر کورد دوو هەفتە جارێک و لە رۆژی سێ شەممان دەربچێت، بەڵام لەبەرئەوەی سێشەممەی دەرچونی دوای ئەم ژمارەیە راستەوخۆ دەکەوێتە دوای جەژنی ڕەمەزانەوە بـــۆیە دەیخەینە سێ شەممەی دوا تڕەوە واتە لە 23 ی 10 ژمارەی (3) دەردەچێت.. تکایە ئاگاداربن

هەفتەنامەیەکی ئەهلییە تایبەتە بە بواری تەکنەلۆژیای زانیارییەکان— بەشێوەیەکی کاتی دوو هەفتە جارێک دەردەچێت

ژمارە (2) ساڵی یەکەم سێ شەممە 2007-10-02

کێ بوون ئەوانەی مۆبایلی (LG) یان کردە کوردی؟

لاپـــەرە 5

بچوکترین دەنگ تۆمارکەر (ریکۆردەر) لە جیهاندا

لەم رۆژانە توانرا کە بە شێوەیەکی سەرکەوتوو بچوکترین ئامێر دروست بکەن بە قەبارەی 128 مێگا بایت بۆ تۆمارکردنی دەنگ کە نزیکەی زیاتر لە 18 سەعات تۆمار دەکات و کاتێك پاتریەکەی شەحن دەکەیتەوە بەشی 60 سەعات دەکات. ئەم ئامێرە وەکو فلاشێك وایە ناوی Microdot هو بە هۆی usb دەیبەستیت بە کۆمپیوتەرەوە، جگە لەوەی بەرنامەیەکی تایبەتی لەگەڵدایە بۆ کارکردن لەگەڵ ئامێرەکە.

ئەوەی زیاتر خەڵکی سەرسام کردوە ئەوەیە کە ئەم ئامێرە تایبەتمەندی سەیری تێدایە کە پێی دەڵێن Voice activation کە دەتوانیت خۆت کۆنترۆڵی بکەیت لە شێوەی تۆمارکردنەکە بکەیت لەوانە:

*لە کاتی بێ دەنگی دەوەستێت بە ئۆتۆماتیکی و کاتێك دەست بە قسە دەکرێت دەکەوێتەوە کار.

*دەتوانرێت کاتی بۆ دیاری بکرێت کە لە کاتژمێر ئەوەندە دەست بە تۆمار کردن بکات.

*دەنگەکان بە ستریۆ و مۆنۆ تۆمار دەکات و ئاستێکی زۆر بەرزی هەیە لە ساف و ڕێك تۆمارکردنی دەنگ و مۆسیقا لە دووریەکی زۆرەوە کار دەکات.

*داتا گواستنەوە لەم ریکۆردەوە بۆ کۆمپیوتەرو بە پێچەوانەوە دەبێتە 12 مێگا بیت لەیەك چرکەدا کە ئەمەش بە یو ئێس بی 1.1 کاردەکات و داتاکان دەگوازێتەوە.

ئەوەی ماوەتەوە بیلێین ئەوەیە کە قەبارەی ئەم ریکۆردەرە یەکسانە بە 12x35x17 mm و نرخی ئەم فلاشە بە 500 دۆلار لە بازارەکان دەست دەکەوێت.

سایتێک.. پار یاهوو ویستی بە 900 ملیۆن دۆلار بیکڕێت .. ئەمساڵ بەتەمان بیدەن بە 10 ملیار دۆلار

زۆر کەس گاڵتەیان دەکرد بە خاوەنی سایتی facebook و بە نەزانیان دادەنا کاتێك کەمتر لە ساڵێك لەمەو بەر کۆمپانیای یاهوو نرخی 900 ملیۆن دۆلاری پێدا لەبەرامبەر فرۆشتنی سایتەکە کەچی خاوەنی سایتی ناوبراو رازی نەبوو، بەڵام ئەم ماوەیە لەگەڵ مایکرۆسۆفت خەریکی گفتوگۆن و هەتا ئێستا مایکرۆسۆفت ئامادەیە 10 ملیار دۆلار بدات لە بڕی کرینی سایتی facebook. مارك کە خاوەنی سایتەکەیە لەهەمان کاتدا لەگەڵ گۆگلیش لە گفتوگۆدایە بۆ فرۆشتنی، کە هەردوو کۆمپانیای گەورەی گۆگڵ و مایکرۆسۆفت هەوڵی کڕینی سایتە سەرکەوتوەکان دەدەن و بەتایبەتی ئەم سایتە کە تائێستا 40 ملیۆن ئەندامی هەیە.

ئێمە لە ژمارەی داهاتوو باسێکتان پێشکەش دەکەین لەبارەی چۆنیەتی دروست بونی ئەم سایتەو ئایا ئەم پارە زۆرەی بۆ پێ دەدەن و گرنگیەکەی لە چیدایە؟

گەنجێک لەسەر بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆیەک لە YouTube سزا دەدرێت

دادگای فلەندی گەنجێکی تەمەن 15 ساڵی بانگی دادگا کردو بە نرخی 800 یۆرۆ وەکو قەرەبوو کردنەوەو 90 یۆرۆ وەکو غرامە لێ سەند لەسەر ئەوەی ڤیدیۆیەکی مامۆستاکەی لەسەر سایتی بەناوبانگی تایبەت بە ڤیدیۆ YouTube داناوەو کاتێك مامۆستاکەی لەیەکێك لە ئاهەنگەکانی قوتابخانەکەی لە مانگی پێنجی رابردوو لەسەر شانۆی قوتابخانەکە گۆرانی دەڵێت و ئەمیش لە خوار ڤیدیۆکە نوسیویەتی (کاروکی لە نەخۆشخانەی شێتەکان) کە کاروکی وشەیەکی یابانیە و زیاتر بە مانای دۆمەکان دێت کە لەسەر جادەکان گۆرانی دەڵێت و ئەم قوتابیە ئەم ڤیدیۆیەی ئەپلۆد کردوەتە سەر سایتی یوتوب و کاتێك مامۆستاکەی پێزانیوە داوای لەسەر تۆمار کردوە و لە ئەنجامدا بەو بڕە پارەیە غرامە کراوە و ئەو پارچە ڤیدیۆیەشیان لەسەر سایتی یوتوب لاداوە.

بەرهەم هێنانی وەرگێڕێکی راستەوخۆ لە کۆمپانیای IBM بۆ هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا

کۆمپانیای IBM توانی کۆتایی بهێنێت بە بەرهەم هێنانی ئامێرێکی نوێ و تازە کە هەڵدەستێ بە وەرگێڕانێکی ڕاستەوخۆ لە زمانی ئینگلیزی بۆ زمانی عەرەبی وە بە پێچەوانەشەوە .

وە ئەم ئامێرە کە کۆمپانیاکە نیەتی وایە بیکاتە دیاری بۆ ئەندامانی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا پێکهاتووە لە مایکرۆفۆنێك کە گفتوگۆکان بە هەردوو زمانەکە وەردەگرێت وە دەیان گۆڕێت بۆ سیستەمێکی زۆر پێشکەوتووی وەرگێڕان .

ئەم ئامێرەش بە هیوای زیاتر لێك تێگەیشتنی سەربازانی ئەمەریکایە لەناو ژینگەیەکی عەرەبی وەکو عێراق.

جێی بەبیرهێنانەوەیە کەوا کۆمپانیای IBM دادەنرێت بە یەکێك لە کۆمپانیا هەرە گەورەکانی بەرهەم هێنانی کەلوپەل و پیشەسازییەکانی وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا، وە کارەکانیان تێپەڕدەکات لە 3 ملیار دۆلاری ئەمریکی ساڵانە .

وە ئێستا هێزەکانی ئەمەریکا کار بە دوو ئامێر دەکەن کە بەهەمان تەکنەلۆژیای ئەم ئامێرە کاردەکەن، هەرچەند تاقیکردنەوەکان بەردەوامن بۆ گەیەشتنیان بە ئاستێکی مەیدانی پێشکەوتوو .

ئاگاداری ڤایرۆسێکی تازەبن لە ڕێگەی MSN ماسنجەرەوە

لە یەک دوو ڕۆژی ڕابردوودا کۆمپانیای Virus 112ی دانیمارکی تایبەت بە دۆزەرەوەی ڤایرۆس هەستا بە دۆزینەوەی کرمێك (Worm) کە لەڕێگەی msnتووشی کۆمپیوتەرەکانمان دەبێت .. کێشەکە لەوەدایە هەر کەسێك تووش بەم کرمە ببێت ئەوا چەند کەس لە ئەکاونتی مەسنجەرەکەیدایە تووشی هەمان کرم دەبن کرمەکە لە ڕێی چەند مالپەڕێکی فریەوە پەرەی پێ دەدرێت .. مالپەڕەکە بەم شێوەیە وەسفی خۆی دەکات (**گەر دەتەوێت بزانیت کێ بلۆکی کردویت و ناوەکەتی سڕیوەتەوە فەرموو لێرە**) لینکێکەو کاتێك داخڵی دەبیت داوای ناوو پاسۆردت لێ دەکات .. کە ناوو پاسۆردی ئیمەیلەکەتی دەدەیتێ ڕاستەوخۆ تووشی ڤرمەکە دەبیت بێ ئەوەی هیچ شتێک هەبێت ئاگادارت بکات کە ئەمە ڤایرۆسەو زەرەرمەندە ..

جێی ئاماژەیە (**ڤرم**) کەمێک دۆزینەوەو لە ناو بردنی قورسە.. بۆیە ئاگادار بن و سەردانی سایتی وا مەکەن کە داواتان لێ بکات ناوو پاسۆردی ئیمەیڵەکانتان بنوسن.

ولاتی بەلجیکا بۆ فرۆشتن !

زۆرجار ئەوەمان بیستوە کە زۆر کەس هەوڵی داوە لە کۆندا خەڵکی فریو بدات و پارەیان لێ بسەنن وەکو نەفەرێك ویستویەتی کۆشکی سپی ئەمریکا بفرۆشێت و زۆر کەسیش لەو سەردەمەدا پارەیان داوە بۆ کرینی، یاخود کەسێك ویستویەتی ئوسترالیا بفرۆشێت و پارەشی وەرگرتوە، بەڵام ئەوەی سەیرە کە ئێستاو لەم زەمانەدا خەڵك بخەڵەتێت بە کەسێك لە سایتێکی بەناوبانگی وەکو ebay و دانانی ریکلامێك بۆ فرۆشتنی ولاتی بەلجیکا بە تەنها یەك یۆرۆ، واتە یەکەمجار وتویەتی ئەمە بە مەزاد ئەیفرۆشم و لە یەك یۆرۆشەوە دەست پێ دەکەم.

لە ماوەیەکی کەمدا نرخەکەی بوە بە دە ملیۆن یۆرۆ.

بۆیە بەرپرسانی سایتی بەناوبانگی ئی بەی هەستان بە لابردنی ئەم ریکلامە و ئاگاداری خەڵکیان کردوەتەوە کەئەوە تەنها بۆ هەڵخەڵەتاندن ئەو کەسە ئەو کارەی کردوەو ئەو کەسە و کەسانی تریش ناتوانن ئەوها ئاسان ولاتێکی وەکو بەلجیکا لە ناو سایتێکی ئینتەرنێتی وادا بفرۆشن.

هەروەها بەرپرسانی هەمان سایت ئەوەیان نەشاردەوە کە ئەمە یەکەمجار نیە کە هەوڵ دەدرێت ولاتی بەلجیکا بفرۆشێت لە ناو سایتەکەیان و هەمووکات بابەتەکەیان لا داوەو لە خەڵکیان گەیاندوە ئەوە تەنها هەڵخەڵەتاندنە.

کارت ریدەرێك هەموو جۆرەکارتێکت بۆ هەڵدەگرێت

زۆرمان کارتریدەر بەکاردەهێنین بۆ خوێندنەوەی میمۆریەکانی ناو مۆبایل و کامیرا دیجیتاڵەکانمان و ڕۆژانە کارمان پێی دەبێت و ئێستا هەر وەکو فلاش میمۆری ڕێژەی بەکارهێنانی زۆر بوە، هەر بۆیە بە شێوەیەکی بەرچاو کارت ریدەر بڵاو بۆتەوە بە ناو بازارەکاندا، بۆ ئەم مەبەستە زۆر لە کۆمپانیاکان هەستاون کارت ریدەری جۆراوجۆریان دروست کردوە و هەر جارەی داهێنانێکی تێدا دەکەن و هەوڵ دەدەن کارت ریدەرەکانیان هەموو جۆرەکانی میمۆری وەربگرێت و بە تەنها یەك دانە زۆربەی میمۆریەکان بخوێندرێتەوە.

ئەمجارە کۆمپانیای بەناوبانگی Elecom هەستاوە بە دروستکردنی جۆرێکی تر لە کارت ریدەر ئەویش ئەوەیە کە جگە لەوەی هەموو جۆرە میمۆریەکان دەخوێنێتەوە لەگەڵ ئەوەش شوێنی هەیە بۆ هەڵگرتنی میمۆریەکانت تاکو لە تێك چون و لە ناو چون بیانپارێزێت و بە هۆی USB 2.0 کاردەکات و لە مانگی داهاتوو واتە لە مانگی دەی ساڵی 2007 بریارە کۆمپانیای ناوبراو ئەو بەرهەمەی لە بازارەکانی ولاتی یابان بلاو بکاتەوە و بە نیازە بە نرخی تەنها 22 دۆلاری ئەمریکی بیفرۆشێت.

SP1 ی ویندۆزی ڤیستا دەرچـــوو

کۆمپانیای بەناوبانگی ئەمریکی (مایکرۆسۆف) ی خاوەن ویندۆزەکان لەم ڕۆژانە سێرفس پاك یەکی بە فەرمی بۆ ویندۆزی ڤیستا بڵاوکردەوە.

بۆ ئەم مەبەستە ئەم تازە کردنەوەیەی داوە بە هەندێك لە بەکارهێنەرانی ویندۆزی ڤیستا بۆ تێست کردنی. دوای دانانی سێرفس پاك یەکی ڤیستا هەست بە چاککردنی هەندێك لە کارەکانی سیستەکەمە دەکەیت بەتایبەت لە بوارەکانی خێرا کردن و بەکارهێنانی هایبەرنێتدا. جگە لە زیاد کردن و چاککردن و خێراکردنی Disk Defragmenter لەم ویندۆزەدا و کەمتر بەکارهێنانی پاتری لەلای ئەو کەسانەی کە کۆمپیوتەری لاپتۆپ بەکاردەهێنن.